# روونكردنەوەی دووەمم بۆ دووبرادەرە لێزانە سنگ دەرپەرێنەكە... باوكی زاموا

دوای ئەوەی دەستی دووبرادەر ئاشكرا كرا (رزگار كۆچەر و رێبین هەولێری وجامەكەی رێباز سەباح) ئیدی بەئاسانی بۆ هەمووان روون بوەوە كەبەتایبەتی رێبین ورێبازهەریەك كەسن هەروەك چۆن ئەم برادەرەو جامەكەی بەدوای یەكدا وەلامیان دامەوە، ئێستاش پێم خۆشە ئەم روون كردنەوەیەی خوارەوەم بەهەند وەرگیری بەتایبەتی لەلایەن بەرێز بەرپرسی كوردستان نێت:

1- رزگار و سەباح وجامەكەی رێنوسیان تەواو نیە و مانا نابەخشێت ئەم برادەرانە بە لەهجەی هەولێری ئەنوسن كەئەمەش ستاندار نیە وتەنها بۆ قسەكردنی ئاسایی ئەم دەقەرە بەكاردی، بۆ نمونە تەنها جارێك چیە نەمانبینیوە لەبری (بۆ) بەهەلجەی هەولێری (لۆ) بنوسرێت لەكن ئەم دووبرادەرە فرمانەكان پێچەوانە ئەوەستنەوە بۆنمونە (بینیم) بووە بە (بینیتم) وهەموو ناوێكیش یەك (ی) موحتەرەمی بەدوا كێش ئەكەن جگە لەلێشاوێك هەڵەی رێزمانی تر، من ئەوەندەی ئاگاداربم ئەم برادەرانە لەهیچ كام لەرۆژنامەكان بابەتیان لەسەر ئەم هەڵە رێزمانیانە بۆ بلاوناكەنەوە بۆ نمونە ماوەی رابردوو رێبین رێباز هەولێری بابەتی بۆ رۆژنامەیەك ناردووە لەشاری هەولێر بۆیان بلاونەكردۆتەوە، .. هەر لەسەر ئەم بارە رەوایە كاكە عومەر فارسی هێژا چاوێك بەم بارەدا بخشێنێتەوە ئاخر خۆ نابی هەرچی لەهەمبانەی كەسێكدا بوو بەشێوەی هەڵوەرینی دەنكە هەنار بەباش وخراپەوە لەسەر سفرەیەكی پرخوان برازێتەوە!!

2- رزگار كۆچەر بابەتێكی داگرتووە گوایە ئامۆژگاری كاكە عمر ئەكات بەوەی هێرش بۆسەر هیچ لایەنێك بلاونەكرێتەوە من تائەم ساتەوەختەش تەنها جنێوێكی ناشرینم نەبینیوە لەم سایتە بلاوبكرێتەوە بەلام ئەمە كاكە رزگارە بووەتە ئەداتی كۆپی بۆ گومان كردن كەلەشەری دەروونی دا بە (واتە وات) دائەنرێت هەروەك توتی ناوزرێن قسەی بەدپیاوانی جوەتەوە، رزگارورێبین رێباز هەولێری كەهیچ بنەمایەكی رۆشنبیری وپاكگراوندی فەلسەفی لەبابەتكانیاندا نیە وبۆ جارێكیش وتەزایەكی فەلسەفی بۆ پشتراستكردنەوەی بابەتەكانیان بەدی ناكەین، شەرمە هەرخەریكی نوسینی دارشتن بن داواكارم لەكاكە عمر چاوێك بەم بابەتە پراوپر لەهەلانە بخشێنێتەوە ئەگەر پێویستیش ئەكات من ئامادەم رێنومایی رۆژنامەنوسی ئەم دوو برادەرە بكەم كەلەرئەنتەرنێت دا بەقودرەتی قادر بوون بەسی كەس بەپێی ئەزموون وشارەزایی خۆم هەرلە پۆلێنی ستونەوە تا ئاستی ووتار بررۆژنامەیی وپەیام و پۆلێنی راپۆرتە هەواڵ ولید ومانشێت وچیرۆكە هەواڵ و... هتد لەگەڵ رێزی زۆرمدا.